# سيحرو ساحيرو

## هەروەها ئەوانەيش کە دەچنە لای ساحیران!!!

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: مەلا مسلم مەلا صالـح فریزی
سەرچاوە: سایتی کۆمەڵنوویز
www.islamicgroup.net

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( حكم السحر والساحر مع بيان حال المسحور )

« باللغة الكوردية »

إعداد: مسلم صالح فريزي
المصدر: موقع كوملنيوز
www.islamicgroup.net

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# سيحرو ساحيرو

# هەروەها ئەوانەيش كەدەچنەلاى‌ساحيران!!!

سيحر دەردێكی‌كوشندەی ناو كۆمەڵگايەو مەترسيەكی‌گەورەيەلەسەر گچكەو گەورە، تاكو خانەوادە، پادشاو گەدا ، زاناو نەزان ئافرەت و پياو بەڵكو لەسەر ئۆممەت بەگشتی! ڤايرۆسێكی‌گەورەو هاوڕێی كوفرەخوا بمانپارێزێت لێی،بەڕاستی دەردێكە لە دەردە كوشندەكانی ئۆممەتانی پێشووتريش ! كێشەيەكی‌گەورەيەلەكێشەكانی ڕۆژگار ، دەبێ بزانين كەسێک چۆن گرنگی‌بەخۆی دەدات ئەگەر هاتوو نەخۆشيەک يا ئازارێک لەلاشەی‌هەبێت جا دەيەوێ بە هۆكارێک لای‌ببات ، ئاوهاش لەسەر كاربەدەستی زەمانە پێويستە كە ئەم نەخۆشيە كوشندەيە لە ناو كۆمەڵگە نەهێڵێت ،چونكە ئەو جۆرە ڤايرۆس و نەخۆشيە زۆر ناخۆشترو كاريگەری ترسناكی زياترە لە زۆرێک لەنەخۆشيەكانی تری لاشە، لەبەر ئەوەی گرنگترين و بزوێنەترين شوێنی‌مرۆڤ دەگرێتەوە كە ئەوانيش: (عەقيدەو + دڵە) ! ئينجا بۆ ئەوەی‌لە ( سيحر )جادوو تێبگەين و بزانين بەپێويستم زانی ڕوون كردنەوەی ئەو چەند سەرەباسەبكەم پشتيوان بەخوا:

١– سيحر مانای‌چيە؟

٢– پێناسەی‌سيحر لەشەرع دا؟

٣– حوكمی‌شەريعەت لەسەر سيحرو ساحير؟

٤– ئايا سيحر حەقيقەتی‌هەيە؟

٥– جۆرەكانی‌سيحر چيە؟

٦– ئەوەی‌تووشی‌سيحربوو ، سيحری‌لێكرا چی‌بكات؟

٧- نمونەلەکارەکانیسیحرو ساحیران؟

٨- کورتەیەک دەربارەیژیانیساحیر؟

٩- حوکمیشەریعەت لەسەر ئەو کەسانەیدەچنەلایان؟

١٠- چ بەڵگەیەک هەیەبەچ نیشانەیەک بزانین کەئەوەساحیرەتا خۆمانیلێ دووربگرین و لایەنیبەرپرسیلێیەوەئاگاداربکەین؟

١١- ئایا هۆکاری چیە ڕەواج بەکاریسیحر دەدرێت و ساحیر زۆر دەبن لەشوێنەموسوڵمان نیشتەجێیەکان؟

١٢- خۆ پارێزیلەسیحر پێشیئەوەیڕووبدات؟

١٣- چارەسەریلەدووایڕوودانیو دەرکەوتنینیشانەکانی؟

١و٢- سیحر مانایچی یە؟ وە پێناسەیسیحر لەشەرعدا؟

ووشەیسیحر لەلۆغەیعەرەبی بەکاردێت بۆ هەموو ئەو شتانەیهۆکارەکانیشاراوەن و هەر لەبەر هەندێش گوتراوە: (أخفیمن السحر) شاراوەتر لەسیحر! هەروەها (إبن قدامه) پێناسەیکردووەبە: گرێ و نوشتەکو ( جا بەوورتەوورتو یا قسەو یا بەنوسین) یانیش کارێک ئەنجامدەدات کاریگەریدەکات لەسەر (دڵیا ئەقڵی) بەرامبەر بەبێئەوەیبەرەو ڕووشیبێت ! وەلەپێناسەیەکیتریجادووگەری: چاوبەستەکێو فێرکردنەلەچاویبەرامبەر هەروەکو خوایگەورەدەفەرموێ: ( سَحَرُواْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ ) [ ألاعراف: ١١٦ ] (ساحیرەکانی فیرعەون) جادوویان لەچاوی خەڵکی کردو ویستیان بیانترسێنن ، ئەمەش بەکارێکی(خودعە) فێڵاوی دەکرێت کەحەقیقەت و ڕاستیەکەی دەشارنەوە.

٣- حوکمی شەریعەت لەسەر سیحرو ساحیران؟

خوای گەورە دەفەرموێ: ( وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى ) [ طه: ٦٩ ] جادووگەر بۆ هەر کوێیەک بچێت و هەرچی بکات سەرکەوتوو نابێت! ئینجا بە دوو خاڵ حوکمی شەریعەت لەمەڕ کاری جادوو جادووگەران ڕوونی دەکەینەوە:

أ‌- کاری‌سیحر حەڕامە لە هەموو شەریعەت و ڕێبازی پێغەمبەران علیهم السلام ، کاریکەوەک چۆن تیر لە کەوان دەرەچێ ئاوها ئەوکەسەش لە ئیسلام دەرەچێ! شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خودای لێبێ دەڵێ: (فمن فعله أورضی به کفر ) هەرکەسێک کاری سیحر ئەنجام بدات یا (بچێتەلایان ) و یا پێی ڕازی‌بێت ئەوە (پێی کافر ) دەبێت ! بەڵگەکەشی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەهێنێتەوە: ( **وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ** ) [ البقرة: ١٠٢ ] (هەرکەسێک چوبێتەلای‌هاڕوت و ماڕوت): ئەوانیش کەسیان فێرە هیچ شتێک نەدەکرد تا پێیان نەگووتبایە: ئەم کارەی‌ئێمەبۆ تاقی‌کردنەوەیە(بۆ لێک کردنەوەی‌سیحر لەگەڵ موعجیزە، ئینجا ): خۆت کافر مەکە!

ب‌- حوکمی شەریعەت لەسەر ساحیران:

لەو بوارەوە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام کورتی دەکەمەوە لەسەر قسەی(إبن تيمية) ڕەحمەتی خودای لێبێت کەدەڵێ: (أكثر العلماء على أن الساحر كافر يجب قتله ، وقد ثبت قتل الساحر عن: عمر بن الخطاب وعثمان بن عفان وحفصة بنت عمر وعبدالله بن عمر وجندب بن عبدالله ) زۆربەی زانایان لەسەر ئەو ڕەئیەنە کە ساحیر کافرەو کوشتنیشی(لەسەر کاربەدەستی موسوڵمانان) واجبە وەلەبەر ئەوەیش کەبەڵگەی بەهێزمان هەیە لەسەر کوشتنی ساحیر هەروەکو پێشەوا عومەری‌کوڕی خەتتاب و باقی ئەوانی تریش کەناویان براوەئەم کارەیان ئەنجامداوە، ئینجا بزانەلەسەر ئەوەی ڕیوایەت هەیە کە بە بەڵگە پێشەوا عومەر فەرمانی بەکوشتنی ساحیر کردووەو جێبەجێش کراوە، وەکو ئەو ڕیوایەتەی(بوجالەی‌کوڕی‌عبده) کەدەڵێ: (كتب عمر بن الخطاب أن اقتلوا كل ساحر وساحرة فقتلنا ثلاث سواحر) کەدیارە: پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب نوسراوی کردووە کە هەرچی‌ساحیر هەیە لە پیاوو لەئافرەت بیانکوژن (جا بوجالە دەڵێ لەسەر ئەم بڕیارەی پێشەوا ٣ سێ ساحیرمان کوشت ، کەئەمەش (بەکافرکردنی ساحیران و کوشتنیان) ڕای زۆربەی زانایانی لەسەرە.

٤- ئایا سیحر حەقیقەتی هەیە؟

سیحر حەقیقەتێکە نکۆڵی‌لێی ناکرێت و کاریگەریشی هەیە لەواقیعی خەڵکی دا ! هی‌واهەیە کەپێی دەمرێت ! یا پێی نەخۆش دەکەوێت ! وەهەیە شیرازەی‌خێزان تێکەدات و کاریسەی‌تەڵاق ڕوودەدات ! (کە دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق کاری‌گەری سیحرە کەخانەوادەی خەڵکی

هەڵەوەشێنێتەوەو دەیانکات بەدوژمنی سەرسەختی یەکتری) ! دەڵێم: خۆ ئەگەر سیحر حەقیقەتی نەبوایە ئەو هەموو ئەحکامە لەشەرعی ئیسلامی لەسەری وجودی نەدەبوو ، (إمام النووی) دەڵێ: (والصحيح أن السحر له حقيقة وبه قطع الجمهور وعليه عامة العلماء ويدل عليه الكتاب والسنة الصحيحة المشهورة) لەڕاستیدا سیحر حەقیقەتی هەیەو وەجمهوری زانایانیش و (بگرە) هەموو زانایانیش هەر لەسەر ئەوڕایەن و بەڵگەی قورئان و فەرموودەش لەسەری هەیە( کەئەم ڕاستیە) دەسەلمێنێت ، جا بزانە لەدووای دڵنیابوون لەسەر ئەوەی کەسیحر حەقیقەتی هەیە(ألخطابی) دەربارەی ئەوانەی کەبڕوایان بەهەبوونی سیحر نیە دەڵێ: (فنفي السحر جهل والرد على من نفاه لغو وفضل) کەسێ بڵێ سیحر نیە ئەوە تێنەگەیشتیو نەزانینە، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو جۆرەکەسانەش گۆتەو قسەخەسارکردنە!

٥- جۆرەکانی سیحر چیە؟

خۆی سیحر چەند بەشێکی هەیە لەژێر ناوو ناتۆرەی جیا ، لەبەر ئەوەیە (الشنقيطی) ڕەحمەتی خودای لێبێت دەڵێت: ( إعلم أن السحر لا يمكن حده بحد مانع لكثرة الانواع المختلفة الداخلة تحته) بزانە: سیحر ناکرێت جۆرەکانی هەر هەمووی دیاری بکرێت بەبێکەم و کوڕیلەبەر هەمەجۆریجیا جیا کەلەژێرەوەیسیحرن ، بەڵاَم چەند جۆرێکمان دەستنیشان کردووەبۆ زیاتر شارەزابوون لێی لەوانەش:

١- سحرالتفريق: لێک جیاکردنەوەی ژن و پیاوو کێشەخستنە نێوانیان و تا سەرەنجام بگاتە ئەو ئاستەی کەتەڵاق ڕووبدات و خێزان هەڵبوەشێتەوە! ئەمەش بەبەڵگـــەی ئایـــەت ئەو جـــۆرە سیحرە هەیە هەروەکو لە[قورئـــان]یپیـــرۆز هـــاتووە: ( **فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ** ) [ البقرة: ١٠٢ ]

٢- سحرالعطف: ئەمەش جۆرێکە لە سیحرو کارێکی سیحریەوا لەبەرامبەر دەکا کەئەوەی خۆشیناوێت خۆشی بوێ بەڕێگای شەیتانی، کەدەبینی ئافرەتێک پیاوێکی ناوێ(یا بەپێچەوانەوە) وایلێدەکات کەخۆشی بوێ(بێگومان شتێکیش بناغەی زبڵ بێت ماوەی پوچە)! هەر ئەوەشە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم (ئەم جۆرەی) ناو بردووەبە (( التولە )) کەدەفەرموێ: (( إن الرقى والتمائم والتولەشرک )) رواەأحمد وأبوداود ، (( التولە )) خۆی ماناکەی: کارێک دەکەن و دەڵێن (بەخەیاڵیخۆیان): ئەوە هۆکارێکە کە ژن خۆشەویست دەکات لای پیاوەکەی کە ئەمە جۆرێکە لە سیحر.

٣– سحر التخييل: ئەو جۆرەش وا لەبەرامبەر دەکات کەشتێک بێجوولەیە بەڵام ئەو وادەزانێ لەپێش چاوی دەجولێت وەبەپێچەوانەشەوە شتی جووڵاو وا ئەزانێ ڕاوەستاوە هەر وەکو لە[قورئان]ی پیرۆز هاتووە: ﴿ فَإِذا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى ﴾ [ طه: ٦٦ ] گوریس و سیحرەکانیان (هی ساحیرەکانی فیرعەون) وایان لەموسا کرد علیەالسلام لەسەرەتادا وایزانیکەهەمووی( لەسەر زگ) دەجولێن (ئەمەش لەبەر بەهێزی سیحرەکانیان ).

٤– سحر الخمول: ئەوەش وا لەو کەسەدەکات کەسیحریلێکراوەبەردەوام حەز بەتەنیایی دەکات و یانیش بەردەوام بێدەنگ دەبێت و تاقەت و خولْقیقسەکردنینابێت.

٥– سحر الصرف: ئەوەش وا لەبەرکەوتووەکەدەکات کەڕقیلەوەبێت کەخۆشیدەوێت ! بۆ نمونە: ژنەکەیلەپێش چاویپیاوەکەیناشرین دەکەن یا پیاوەکەلەپێش چاویژنەکەناشرین دەکەن وا دەکات خۆشەویستیان ببێتە(بوغزو) ڕک لێبوونەوە!

٦– ئەوەی تووشی سیحربوو، سیحری لێکرا چی بکات؟

هەرکەسێک تووشیئەمەبوو کەسیحریلێکرا دوو ڕێنومایی گرنگیپێ دەڵێین:

١– ڕێنومایی یەکەم: دڵنەواییەک لەژیاننامەی پێغەمبەریخودا بۆی: کەبزانێ تاوەکو پێغەمبەریش صلیالله علیەوسلم ڕزگاری نەبوو لەبەرکەوتنی سیحر ، لەبیدی کوڕی الاعصم ی جولەکە سیحریلێکردوو سیحرەکەشی فڕێدایەناو بیرییەک لە( أنصاری) پشتیوانان لەمەدینە! تاوەکو دوو فریشتەهاتنەلای خۆشەویست و یەکیان لایقاچیدانیشت و ئەوی تریان لایچەپیو ئەو هەواڵەیان بەشێوەیەک دا بەخۆشەویست صلیالله علیەوسلم ، جا دوایئەمەخۆشەویست خۆیهەڵساو لەگەڵ چەند هاوەڵێکیبەڕێز چوونەلایبیرەکەو سیحرەکەیان دەرهێناو (کەبەشانەی سەرو گرێ کرابوو) دوای ئەمە پێغەمبەر صلیالله علیەوسلم شیفایبۆ هات کەئەمەفەرمودەشەو لەصحیح البخاری و صحیح مسلم دا هاتووە، وەلەگێڕانەوەیەکیپێشەوا ئـــەحمەدیش لەموسنـــەدەکەیدا هــاتووە: کەپێغەمبەر صلیالله علیەوسلم (٦)شەش مانگ بەردەوام بوو لەئێشیقەلبی کەهۆکارەکەشیئەم سیحر لێکردنەیبوو ! جا ئەوەپێغەمبەریئۆممەت لێی ڕزگارینەبووەئەیڕات چۆنەبەرامبەر بەخۆمان ؟! خوا پەنامان بدا ، بەلاَم ئەوەبۆ شارەزابوونیئۆممەتەلەو بوارەکەفێریئۆممەتیبکا:

ئا بەم جۆرە سیحرەکەتان ئەگەر دۆزیەوە بیهێنن (بیسوتێنن) و ژێر خاکیخەن و پشت بەخوایخۆشتان ببەستن...

تێبینی/ ڕاستەپێغەمبەرصلیاللەعلیەوسلم ژێرخاکیکرد بەمەبەتاڵیکردەوەبەلاَم سوتاندنیو یا هەڵوەشاندنیڕای حەزرەتیعائیشەیداکیبرواداران بوو کەئەم پرسیارەیکرد لەپێغەمبەر صلیالله علیەوسلم.

٢ – ڕێنومایی دووەم: کەسێک موتمانەی بەشتێک هەبیَو پشتیخۆیپیَ ببەستیئەوا خوایگەورە بۆویلێی دەگەڕیَ! کەسێک پشتی خۆی بەجادووگەرو فاڵچیو شەیاتین و...هتد ببەستیَخوایگەورەبۆ ئەوان لێی دەگەڕیَ! کەسێکیش پشتیخۆیبەخوایخۆی(خوایهەموو بوونەوەر) ببەستیئیتر بەسیەتیو کەسیترو هیچیتریناوێت.

٧– نمونە لەمیهنەی سیحرو ساحیران ؟

أ– ئەوانەینوریئیمان لەدڵیان دەکوژێتەوەو دڵەکانیان پڕەلەبەخیلیو دونیا ویستی ! شەوو ڕۆژ شەو نخونیدەکەن لەئەزیەتدانیموسوڵمانان و کۆڵ نادەن !

ب– کەسێک چووەتە لای جادووگەر بۆ پیلان گێڕان دژی دراوسیَ یبێئاگایان ! کەچیلەشەویَ جادووگەرەکە: نەخشەسازیپیلانیبۆگەنیبۆ دا دەڕێژیَو موژدەیخۆشییپیَدەدات کە(گوایە) هەموو شتێک بەدڵیئەوەبێتن ! (ئەیچۆن وایپێناڵیَو درۆیزلیبۆناکات و موژدەیخۆشیپێنادات، کابرا پارەیزۆریپیَ داوە)؟! ئینجا هەندەیپێناچێت بەرکەوتووەکە حاڵەتی دەگۆڕدریَو تووشی ئازاریزۆر دەبێت ! (فچیل یکوڕیعیاچ) دەڵیَ: سوێند بەخوا درووست نیە ئاژەڵێک ئەزیەت دەی بەبیَ حەق ئەی ڕات چۆنە بەئەزیەتدانیموسوڵمان ؟!!

بەم جۆرەکەسانە دەڵێم: خوایگەورە دەفەرمویَ: ﴿ أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ - لِيَوْمٍ عَظِيمٍ - يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ [ ألمطففين: ٤–٦ ] ئایا ئەوانەگومان نابەن کەبەڕاستی زیندوو دەکرێنەوە(تا سەر ئەنجامیخیانەت و فێڵیان وەربگرن!) – بۆ ڕۆژێکیزۆر سامناک و ترسناک و گەورەئەو ڕۆژەیکەهەموو خەڵکیبەپێوەدەوەستن لەبەردەم دەسەلاَتیپەروەردگـتاریجیهانیاندا !، ئایا

ئەوانەنازانن: ﴿ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴾ [ البقرة: ٧٧ ] کەبەڕاستیخوا دەزانێت چیپەنهان دەکەن و چیش ئاشکرا دەکەن (لەگوفتارو کردارو نیەتیان دا)؟!!

ج–چەند جار وابووەبەسیحر ژن و پیاویان لێک کردووەو عائیلەیان تەدمیرکردووە...هتد! فإنا لله وإنا إلیەراجعون. د– پێویستەبزانین کەساحیر نابێتەساحیر هەتاوەکو کافر نەبێت بەخوا (والعیاذ بالله) ! وەهەموو داوایەکیلەشەیاتینانەو پشتیبەئەوان دەبەستێ! بێگومانیش ساحیر هەر وا لەخۆیەوەفێریسیحر نابێت ، بەڵکو: شەیاتین فێریدەکەن، بێگومان ئەوانیش کەس لەخۆڕا فێرناکەن تاوەکو کافرینەکەن !

٨– فەرموون لەگەڵ کورتەیەک دەربارەی ژیانی ساحیر؟

ژیان و گوزەرانی ساحیر هەروەکو لەخاڵی(٧)یسەرەوەو بەتایبەت بەندی(د)یکۆتایی تیشکێکمان خستوەتەسەر ژیانیساحیر، شانبەشانیئەمانەش دەبێبزانین نەک هەر بەکافر بوون بەخوا: شەیاتین شتیبۆ دەستەبەرەکەن ! بەڵکوو کوفرو بێئەدەبیگەورەگەورەشیپێ دەکەن !! بۆ نمونە:

١– هەیانە: ئایەتی قورئانی پیرۆز لەسەر نەعل دادەنێت و لەپێی دەکات بۆ شوێنی نەشیاو ( والعیاذ بالله )!

٢– هەیانە: بەخوێنیپیس ئایەتی پیرۆز دەنوسێتەوە!

٣– هەیانە: بۆ غەیری خواو بێبسم الله ئاژەڵ سەرەبڕێت !

٤– هەیانە: فاتیحە بە پێچەوانەوە دەنوسێتەوەو بەپێچەوانەوەش دەیخوێنێتەوە!

٥ – هەیانە: نوێژ دەکات بەڵام بەبێ دەستنوێژ !

٦– هەیانە: ساڵێک بەبەردەوامی غوسلی جەنابەتی لەسەرەو خۆی ناشوات بەتەواوی تا جەنابەتەکەی لەسەر لا نەچێت !

٧– هەیانە: (والعیاذ بالله)سەجدە دەبات بۆ ئەستێرە( یا مانگ و ڕۆژو یانیش بتیتایبەتیخۆی) !

٨– هەیانە: تووشی مەحرەمی خۆی دەبێت (وەک: دایک و خوشک و...هتد!!!)،

جا لێرە پرسیارێکتان ئاراستە دەکەم: ئایا دوای ئەمە تووخودا ئەوانە دەجال نین؟! ئینجا سەرەڕای داوێن پیسیان هەندێک خەڵکی نەزان دەچنەلایان ! ڕەنگە کەسێک خێزانی یا خوشکی بێنێتە لایئەمیش بەئیشێک پیاوەکە دەربکاتە دەرەوەو زەمینە بڕەخسێنێ بۆ کاریناشەرعی بەبێ ئەوەی پیاوەکە دەرکیپێ بکات ! دوای ئەنجامدانی کاری شەیتانی هەر ئافرەتێک بێت ئیرادەی لەدەستیخۆی دەڕوات ! ڕەنگە هەڕەشەیئەوەشی لێبکات کە(ئەمەی لە نێوانیان ڕوویدا) ئاشکرای دەکات ! یا خود (جن) یبەسەر موسەیتەڕ دەکات !

( درۆش دەکات دوژمنیخوا ) ئیتر ئەو ئافرەتە لە خۆیەوە دەتۆقێلێ ی! ئەمە جگە لەوەش کەبەلێشاو پارەی لێدەستێنێت ! پێغەمبەری خۆشەویستیشمان صلی الله علیه وسلم لەفەرموودەی صحیح دا: نەهیکردووە لەوەی ئافرەت و پیاوێک بەتەنها لەخەلوەت دابن چونکم سێیەمیان شەیتان دەبێت ! پاشان ئەگەر پرسیاریلێبکەی: ئەوە چیەدەیخوێنی؟ ڕەنگە بڵێ: قورئان بەسەریدا دەخوێنم ، ئەی باشە ئەگەر ڕاست دەکات ئەو پسەپس و وورتەوورتەی بۆ چیە؟! مادام قورئانە با بەئاشکرا بیخوێنێت ! نەک خۆیقورئان ناخوێنێت بەڵکو گەر کەسێکی تریش لەلای قورئان بخوێنێت ئیشەکەیلێ تێکەچیو هیچی بۆناکرێت و ناچار هاواری لێبەرزەوە دەبێت و دەڵێت:ئەوەچیدەخوێنی؟

ئەوەی دەیخوێنی وازیلێبێنە مەیخوێنە (ئەمەش لەبەر خاتری شەیاتینەکانی) ! کەئەوەش بەبەڵگەوەلامان هەیە.

**٩- حوکمیشەریعەت لەسەر ئەو کەسانەی دەچنەلایان؟**

حوکمیشەریعەت نەک هەر جائیز نیەبچیەلایان بەڵکوو لەئۆممەت دەرچوونە، (مەگەر بەچەند هۆکارێک نەبێت کەئەمیش عایدیزانایانیئاینیە، بۆ ئاگادارکردنەوەیخەڵکیەلێیان ، باقی بۆ کەس دروست نیەبچێتەلایان ، تاوەکو ئەگەر بیەوێسیحرێکیش بەساحیرێکیدیکەهەڵبوەشێنێتەوەهەر دروست نیە!)، لەفەرموودەدا هاتووەکەلەلایبزار یەوەبەسەنەدێکیصحیح لە إبن مسعودیەوە ڕیوایەت کراوە پێغەمبەر صلیالله علیەوسلم دەفەرموێ: (( من أتیکاهناً أو ساحراً فصدقه بما یقول فقد کفر بما أنزل الله علیمحمد ))

کەسێک بچێتەلایفارگرەوە(و مونەجیم و) یا جادووگەرێک، ئەوەی کەدەیڵێ پێشیڕاست بێ(و بڕوایپێهەبێت) ئەوا کافر دەبێت بەوەیبەسەر محمدی(صلیالله علیەوسلم)دابەزیوە! هەڵبژاردنیجادوو

بێبەشبوونەلەمیهرەبانیخوایگەورەلەڕۆژیدوایی بەبەڵگەی: ( **وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ** ) [البقرە: ١٠٢ ] بێگومان دەشزانن ئەوەی کاڵایوایکڕیبێت و شتیوا فێربێت لەو دونیا هیچ بەهرەیەکیدەستناکەوێت !، وەئەگەر سەرنجی تەفسیریئەم ئایەتە پیرۆزەیداهاتوو دەدەین ڕاستەو خۆ هەڕەشەیە بۆ ئەوانەی دەچنەلای جادووگەرو بڕوایان پێدەکەن ئەویش فەرمانی خوایە کەدەفەرموێ: ( **يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ** ) [ النساء: ٥١ ] باوەڕیان بەفاڵچیو جادووگەرو بت و پەیکەرو شەیتان هەیە!، پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابیش خـــوایلێی ڕازیبــێدەفەرموێ: [ الجبت ] واتـــــایسیحر دەگەیەنێت و [ والطاغوت] واتایشەیتان دەگەیەنێت !،

ئیتر ئەمەبەکورتیڕوون کردنەوەیەکمان لەسەر ڕایشەریعەت کرد دەربارەیچوونەلایجادووگەران ! هیوا دارم هەموولا بەتایبەت چینیئافرەتان خۆیان دووربگرن لەچوونەلایجادووگەران یا ئەوانەش کەبۆن و هەستیئەم کارەحەڕامەیلێدەکرێت.

**١٠- چ بەڵگەیەک هەیە بە چ نیشانەیەک بزانین کەئەوەساحیرەتا خۆمانیلێ دووربگرین و لایەنی بەرپرسیلێیەوە ئاگادار بکەین؟ بۆ ئەوەی جادووگەران بناسن فەرموون لەگەڵ چەند زانیاریەکیوورد لەسەریان:**

**١- پسەپس و وورتەوورت دەکات لەبەرەخۆیدا گوایە: دوعا دەخوێنی.**

**٢- پرسیار لەناوی خۆی و دایکیدەکات .**

**٣- شتێک لە(نەخۆشەکە) یا هەرکەسێک بۆ هەر کارێک کەچۆتەلایداوا دەکات کەموویيا شتێکیتریبۆ بێنی.**

**٤- جارىوا هەیەداوای هێنانی ئاژەڵێک دەکات کەسەری ببڕێت و ناوی[خوا]شیلەسەر نەهێنێت.**

**٥- شت دەنوسیبەشێوازێک کەکەس پێ ینەخوێندرێتەوەبەتەلاسم و خەتیچوارگۆشەو سێگۆشەو ژمارەو بەشێوازیدانانیپاسۆردو کۆد.**

**٦- جارىوا هەیەلە(نەخۆشەکە) یا ئەوکەسەی هاتۆتە لایداوایلێدەکات کەنەچێتە دەرێو ڕۆژ بەرینەکەوێت و یاخۆینەشوات فەترەیەک لەزەمەن ! کەزۆر جار تاوەکوو چل ڕۆژیبۆ دادەنێت.**

**٧- شتیوایپێ دەدات کەلەزەوی یا لەشوێنێک بیشارتەوە.**

٨– وەرەقە دەدات بۆ ئەوەیبیسوتێنیو بۆنەکەیبۆ بچێت.

٩– جاری وا هەیە ناوی خۆیو بابیو یا دایکیو ئەو شوێنەیکەلێ یەوەی هاتیەو یا ئەو ئیشەی کەبۆیهاتووە ئاشکرایدەکات( بەیارمەتی شەیاتینەکانی ژێردەستی)! کەبەرامبەر تووشیشۆک دەکات و سەرسامی دەکات ، وای لێدەکات کەبڕوا بەقسەکانی بکات و ڕێنوماییەکانی جێبەجێکات و بچێتەوە ڕیکلامیشی بۆ بکات ! ئەوانەو هەر شتێکی نامۆیتر (وەک بڵێ: گوێ لە مۆسیقا ڕاگرە لەبڕی ئەوەی بڵێگوێ لەقورئان ڕابگرەو...هتد) کە بەپێچەوانەی شەریعەت بێت ئیتر خۆتیان لێدووربگرن و نەکەن بچنەلای جادووگەرو فاڵچیان ! چونکە چوون بۆلایان ئەمە دەگەیەنێت کەئەو هەموو ئایەتانە لەقورئانیپیرۆزدا و فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستیشمان صلی‌الله علیه‌وسلم فەرامۆش کردووەو ئەو کات لەدین دەرچوونمان بەسەر جێبەجێدەبێت ! [خوا] پەنامان بدات.

**١١– ئایا هۆکاری چیە ڕەواج بەکاری سیحر دەدرێت و ساحیر زۆر دەبن لەشوێنە موسوڵمان نیشتەجێیەکان؟**

خۆی ئەگەر بمانەوێت بزانین بۆچیئەنواعیجادووگەریلەم شوێنانەزۆرەبن کەموسوڵمانیتێدا نیشتەجێنە(و ڕەواجیان پێدەدرێو بازاڕیان گەرم دەکرێت)! دەبێ چەند هۆکارێک دیاریبکەین لەمانەش:

١– لەبەر ئەوەیموسوڵمانان بەگشتیو میللەتیکوردیشمان بەتایبەتی ڕێزیپیاوانی ئایینیان لا هەیەو ئەوانیش بەشێوازێک خۆیان پیشان دەدەن کەوەکو کەسێک ترسیخوایلەدڵ داهەبێت و بەناوو ناتۆرەیوا کەسەرنجیخەڵکیبۆ لایخۆیان ڕا دەکێشن، وەکو: سەییدو شێخ و...هتد لەو ناوانەکەلەدێر زەمانەوەلەلایخەڵکیبەقەدربووینە.

٢– جار جارەش بێهێزیئیمان لەدڵیکەسانێک وا دەکات کەبچنەلایجادووگەرو فارگرەوەو بەختیخۆیان تاقیبکەنەوەئەمیش پارەیەکیچاکیان لێبەرەداتەوەو بەکەم ئەقڵیش سەیریان دەکا ! بەبێئەوەیبەخۆیان هەستیپێ بکەن !

٣ – جاریواش هەیەنەزانین و تێنەگەیشتن و پرسیار نەکردن لەئەحکامیشەریعەت وا دەکات کەسێک بەنەزانین بچێتەلایان و ڕەواج یان پێ بدات و ئەوانیش بازرگانیپێ بکەن بەشێوەیەک کەهەر هەستیش بەخۆینەکات ! توخودا ئەگەر کەسێک شارەزابێت لەشەرع دەچێتەلایان؟! چۆن کەلەفەرموودەدا

هاتبێتن: (( من أتیعرافاً فسأله عن شیو لم تقبل له صلاهأربعین لیله ))رواهأحمد وغیره،واته: کەسێک بچێتەلایفارگرەوەیەک تەنها پرسیارێکیلێبکات لەشتێ(جا با بڕواشیپێینەبێت تەنها بەو پرسیارکردنەی) نوێژی چل ڕۆژانی قەبوڵ نابێت! (ئینجا زانایان لەشیکردنەوەیئەم فەرموودەیەدەڵێن: واجبەکەیلەسەر لادەچێت بەڵام خێریناگاتێ)! ئەیڕات چۆنەبەوانەیبچێتەلایان و باوەڕیش بەقسەکانیان بکات ؟ جا ئەگەرموسوڵمان ئەوەیان زانیتوخودا دەچێتەلایان؟! بێگومان ئەگەر تۆسقاڵێک ئیمان لەدڵیدا هەبێت ناچێتەلایان.

٤- هەندێک لە موسوڵمانان دەچنە لایان بۆ دوعا وادەزانن کەدووعاگۆنە! لەئەسڵیشدا جاهیلی نەزانی نەخوێندەوارن، خوویان گرتووە بەهەندێ تەلاسیم و ژمارەو خەت خەت کە فلسێک ناهێنێت.

٥ - هەشەبەپێی خۆیو پارەیخۆیدەچێتەلایان بۆ عیلاج و چارەسەری، نازانن کەحالیان خەرابتر دەبێت و قەلەق و دڵەڕاوکێینەفسیو لاشەیی لەسەریان زیاتردەبێت ، ئەو جــۆرەکەسانەوەکو ئەوەوایە: کەلەبەر گەرماییخۆر پەنا بۆ ئاگر ببات !

٦ - بەداخەوە دەڵێم: هەندێک لەماڵیموسوڵمانان کەم قورئان و زکرو یادیخوایتێدا دەخوێندرێ، یا هەر ناخوێندرێ! لەبریئەوەوێنەیناشەرعیجێیان دەگرێتەوەلەدیوار و تەلەفزیۆن و بەردەوام دڵیان بەمۆسیقاو گۆرانیحەڕامەوەبەندە! ئەوەش وایان لێدەکات کەزیاتر پەنا بۆ جادووگەرو فارگرەوان بەرن لەهەر حاڵەتێکینا ئاسایی کەتووشیان بێت .

٧ - پێگەی زانایان لەو بوارەبێ هێز بووە! کەبەدەگمەن باسیئەم مەسەلانەدەکرێت و خەڵکیلێیەوەئاگادار دەکەنەوە، ئینجا نازانم لەبەر قەڕابەت و ناسیاریان لەگەڵ ئەم جۆرەکەسانە؟! یانیش زۆریان لاگرنگ نیە؟! کەلەڕاستیشدا ئەم باسەزۆر گرنگەو لەگوناهەهەرەگەورەکان هەژمار دەکرێت و پێویستەخەڵکی( بەتایبەت: چینیئافرەتان) لێیئاگادار بکرێنەوە.

٨- جێبەجێنەکردنیحوکمیخوا و حەددیشەرعیهۆکارێکەبۆ زیادبوونیساحیران ! کەئەمەش لەسەر کاربەدەستیئۆممەت واجبە حوکمی خوایان لەسەر جێبەجێکاو عیبادو بیلادیش لەفیتنەیان ئیسڕاحەت بکەن ، کە لە فەرموودەش فەرمان بەکوشتنیجادووگەران هاتووەبە: ((حد الساحر ضربة السیف)) حەددیجادووگەر لێدانێکە(لەگەردەنی) بەشمشێر.

٩- ڕک لێبوونەوەو بەخیلیبەیەکتر بردن لەدەسەڵاَت و جوانیو هەبوونیماڵ و منداڵیچاک کەخوا داویەتیبەبەرامبەر ئەو پێی ڕەوا نابینێت دەیەوێت بەجۆرێک خۆشی لەو نیعمەتانە نەبینێت! کە بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە خەسوو ڕکی لە بووکی بوویتەوە چوەتە لای جادووگەرو جادووی‌لێکردووە کەکوڕەکەی خێزانەکەی‌تەڵاقدا ! کەچی بەپێچەوانەوە بوویتەوەو ( إنقلب السحر علىالساحر ) کوڕەکە ماڵ و منداڵی خۆشتر دەوێت و ڕکی لەدایکی دەبێتەوە! کە لەپێشدا بەشاهێدی دایکەکە کوڕەکە بۆ کەسیان عەیبی نەبووە، بەڵام دایکەکە هەروا لەخۆڕا ڕکی لە بوکی خۆی دەبۆوە تا جادووی لێکرد تاوەکو تەڵاق بدرێت ! کەچی دەڵێت: واللە ی‌ئێستا کوڕەکەم تاقەتی‌نیە قسەیەکم لەگەڵ بکات مەگەر بەتووڕەیی و گارەگارنەبێت ، جا ڕێنومایی شەریعەت بۆ ئەو جۆرەکەسانەئەوەیە: کەتەوبەبکات و بگەڕێتەوەو بوغزوقینەلەناو دڵیخۆی‌نەهێڵێت و جادووەکەش بەتاڵ کاتەوەو جارێکی‌تریش نەچێتەوەلای جادووگەران و بارودوخۆکەدەیەتەوەئاستیجاران و ژیانیان خۆشدەبێت ، هەشمانەهەویَ‌لەیەکتری‌و کەسی‌نزیک لەیەکتری‌و...هتد! کەپێویستەبەزوترین کات ئەم شتانەبنبڕ بکرێت.

١٠ – ڕیکلام بۆ کردنیان لەلایەن هەندێک کەسانی‌تایبەت بەخۆیان ! یانیش کەسێک دەچێتەلایان بۆ تاقی‌کردنەوەچادەبیَ‌و یا مرازی‌حاسڵ دەبێت! ئیتر لەناو خەڵکی‌ناسیارو بێگانەدیعایەی‌بۆ دەکات ! (بێگومان ئەوەهیچ دوودڵیەک نیەلەوەی‌کەشەیاتین لەبەر دەستیانن و کارێکی‌سەرنج ڕاکێشی‌بۆ ئەنجامدەدەن لەبەرامبەردا سەد کاری‌خەرابەئەنجامدەدەن ! ئەمەش تەنها بۆ سەرنج ڕاکێشان و هەڵ خەڵەتاندنی‌خەڵکی‌یەنەک زیاتر) !

ئەوانەو ڕەنگە چەند هۆکارێکی تریش ببنە هۆکاری ئەوەی کە ڕەواج بەجادووگەران و کاری‌جادووگەری‌بدرێت!

١٢ – خۆ پارێزی لەسیحر پێشی ئەوەی ڕووبدات؟

١- خۆپارێزی بەویردە شەرعیەکان و (أعوذ باللە کردن و) پەنا گرتن بە[خوا]جل جلالە.

٢- خوێندنەوەی[ آیة الکرسی] لەدووای سەلامدانەوە لەهەموو نوێژە فەڕزەکان و هەروەها پێش خەوتن.

٣- خوێندنەوەی سوڕەتی: [الاخلاص] و [الفلق] و [الناس] لەدوواینوێژە فەڕزەکان و پێش خەوتن (٣) سێجار (٣)سێجار.

٤- خوێندنەوەی دوو ئایەتی کۆتایی لەسوڕەتی: [ألبقرە] لەسەرەتایشەودا : ( **آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أنزلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ - لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ** ) [ ألبقرة: ٢٨٥و٢٨٦. ]

٥- زۆر ووتنی: (( أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق )) لەشەوو ڕۆژدا.

٦- خوێندنەوەی: ((بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شي ء في الارض ولا في السماء وهو السميع العليم )) (٣) سێجار لەسەرەتای شەوێو (٣) سێجاریش لەسەرەتایڕۆژێ دا ،

موسوڵمان پێویستە لەسەر ئەو جۆرە ویردەشەرعیانە بەردەوام بێت و بڕوایتەواویشیهەبێت و ئەوکات پشتیوان بە[خوا]: پارێزراودەبێت لەهەموو شەڕو خراپەیخراپەکاران لەئینسان و جنۆکان ،.

١٣- چارەسەری لەدووای ڕوودانیو دەرکەوتنی نیشانەکانی؟

١- خوێندنەوەو بەردەوام بوون لەسەر ئەو ویردانەیلەسەرەوەباسمان کرد.

٢- زۆر دوعاو پاڕانەوەلە[خوا]یخۆت بەدەم گریان و بیرکردنەوەلەڕابردوو.

٣- خوێندنەوەیئەم دوعایەیپێغەمبەر صلیالله علیەوسلم کردوویەتیلەسەر بەرکەوتوویسیحر کەئەمیش ووتنی: (( اللهم رب الناس أذهب البأس واشف أنت الشافي لا شفاء إلا شفاؤک شفاء لا يغادر سقما )) ٣ سێجار.

٤- خوێندنەوەیئەو دووعایەیکەحەزرەتیجبریل علیەالسلام بەسەر خۆشەویستمانیداخوێند: بسم الله أرقيک من کل شيء يؤذيک ومن شر کل نفس أو عين حاسد الله يشفيک بسم الله أرقيک)) ٣ سێ جار.

٥- خوێندنەوەی‌ئەم ئایەتە پیرۆزانە: ( **فَلَمَّا أَلْقَواْ قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللّهَ لاَ يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ** ) [ يونس: ٨١ ] ( **فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ - فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ صَاغِرِينَ - وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ - قَالُواْ آمَنَّا بِربِّ الْعَالَمِينَ** ) [ الاعراف: ١١٨-١٢١ ]

٦- لەخاڵی کۆتاییدا ئەوەش گرنگە ئەگەر هاتوو شوێنی سیحرەکەمان دۆزیەوە بچین و بەتاڵی بکەینەوە هەر وەکو لەفەرموودەی صحیح هاتووەو هەر لەم بابەتەش لەبڕگەی(٦) و خاڵی(١) باسمان کردووەکەپێغەمبەر صلی‌الله علیەوسلم چۆن سیحرەکەی‌لەبیدی‌جولەکەی‌بەتاڵ کردەوە، لەکۆتاییدا ئەمەکورتەیەک بوو لەسەر جادووگەران و کاری‌جادوو کەئومێدەوارم حەقی‌خۆیمان بەبات و ناوەرۆکی‌دابێتوو زانیاری‌لەسەر زانیاری‌هەمووان زیاد بکات و کاریش بەزانیاریە شەرعیەکانمان بکەین و خوای گەورە شارەزامان بکات لەوەی کە نایزانین و لەوەش کەدەیزانین یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی کاری پێبکەین و هەموو لایەکیشمان لەجادوو فاڵچی‌و شەیاتینانی ئینس و جن دوورە پەرێز بگرێت و بمانپارێزێت، آمین.